# جەنتڵمان و لاپەڕەی ئازاد

حەمەسەعید حەسەن

لەو وڵاتانەدا کە شنەی دیموکراتی قژی خەڵکەکەی دادەهێنێ، نەریتێکی جوان زاڵە؛ ئەوی هەستی کرد هەڵەی کردووە، پاساو بۆ هەڵەکەی ناهێنێتەوە، داوای لێ خۆشبوون ناکا، جەنتڵمانانە باجی هەڵەکەی دەدا. وا بزانم هێشتا لە بیرتانە کە لە پورتوگال، لە ئەنجامی هەرەسی پردێکەوە، سەرنشینانی پاسێک خنکان، یەکسەر وەزیری پرد و ڕێگاوبان وازی لە ئیشەکەی هێنا. کەچی لە کن ئێمە کە شۆڕشێک دوای هەزاران قوربانی هەرەس دەهێنێ، ڕێبەری شۆڕشە شکستخواردووەکە، دەبێتە سەرکردەی شۆڕشی داهاتوو. ئێمە نەک هەر پاساو بۆ شکستەکانمان دەهێنینەوە، بەڵکوو تێکشکانەکانمان وەک سەرکەوتن بەسەر ئەو خەڵکە هەژارەدا ساغ دەکەینەوە.

فازیل میران بەرپرسی ڕاستەوخۆی پاراستنی ئاسایشی ژیانی خەڵکی دەڤەری ژێر دەسەڵاتی پارتییە، کەچی کە عوسمان سەرسۆری ئەندامی پەرلەمان تیرۆر دەکرێ، کە زوو زوو تی ئێن تی هەولێر دەهەژێنێ، کە ئیسلامی توندڕۆ گوڵی ژیانی ئاسایی شار دەژاکێنێ، تەنانەت کە لە نێوەندی پێتەختدا ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی پارتی، سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد و بەرپرسی لقی دوو دەکوژرێ، ئەو هەر لە بواری شارەزایی خۆیدا: (ڕەشکردنەوەی قژ و سمێڵ،) پێشتر دەکەوێ.

(لە ئەورووپاش کاری تیرۆریستانە ڕوو دەدا.) کە دوای کوشتنی فەرەنسۆ هەریری، وەزیری ناوخۆ لە کوردستان تیڤییەوە، هانای بۆ ئەو پاساوە برد، کەسێ نەبوو پێی بڵێ: لە ئەورووپا دوای سکاندالێ وا، وەزیری ناوخۆ، ماڵئاوایی لە کورسیی وەزارەت دەکا.

مەلا سەیید ئەحمەد، کە سەر بە یەکگرتووی ئیسلامییە و لە هەولێر، لە مزگەوتی محەمەدییە، دەرسی خوشکانی سەرپۆشبەسەر دا دەدا، حەز لە یەکێکیان کە (چیمەن)ی ناو دەبێ، دەکات و ساڵحی کوڕی (مەلا محەمەدی شارەزووری)ش ڕۆڵی دەلاڵیان دەگێڕێ و سالانی ١٩٩٥ ـ ١٩٩٩ حوجرەی فەقێکانی مزگەوتی محەمەدییە، جێژوانیان دەبێ. شیاوی باسە منیش بە هەرزەکاری حەزم لە چیمەن ناوێ کرد بوو، لێ جێی داخە چیرۆکی ئەو دڵدارییە، کە بە نیگا دەستی پێ کرد، لە زەردەخەنە تێپەڕی نەکرد.

من وەک نووسەرێ کە زمان بە لامەوە ئامانجە، لە نامەکانی مەلا سەیید ئەحمەددا کە بە ساڵحدا بۆ چیمەنی ناردوون، تەنیا ئەوەم پێ جوان بوو، کە لە بری دەعبای خۆی، (کاکەسوور) و لە جیاتی کالانی چیمەن، (دادەسوور)ی نووسیوە، بەڵام ئەوە هیچ سەرنجی ڕانەکێشام کە لە یەکەم نامەیدا بەو خوشکە موسڵمانەی دەڵێ: (گیانە ئەو ڕۆژەی حوجرەی فەقێکان، هەموویم نەبرد، تەنیا هەر سەریم پێدا هێناوە.) ئاخر ئەم دەربڕینە لە قسەی سەر زاری فەقێیەک دەچێ، نەک لە نووسینی مامۆستایەکی زانا کە قازیی قازییان بێ.*

کە مامی ساڵح ئەم پێوەندییە نهێنییە ئاشکرا دەکا، مەلا لە بری ئەوەی وەک هەر جەنتڵمانێ باجی هەڵەکەی بدات و لە پێناوی پاراستنی شکۆی ئایینی ئیسلامدا، ماڵئاوایی لە جبە و مێزەر بکات، دەکەوێتە دەست و قاچ ماچکردن و پاساو هێنانەوە و بە دەم قوڵپی گریانەوە، دەبێژێ: (خۆ من فریشتە نیم هەڵە نەکەم، شەیتان یارانی پێغەمبەریشی بە هەڵەدا بردووە.)**

لە کوردستان پیاو زۆرە، بەڵام جەنتڵمان کەم، لە کوردستان ڕۆژنامە، هەفتەنامە، گۆڤار و بڵاوکراوە زۆرن، وەلێ نەک لاپەڕەیەکی ئازاد، ستوونێکی ئازادیش شک نابەم، ئەم نووسینەی بۆ بنێرم.

2001. 07. 21

* قاضی القضاة.

** نامەی مەلا ئەحمەد شارەزووری (مامی ساڵح) بۆ ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی ٢٠٠١/١/٢ هەولێر.